ئەبێت... ڕابردوو بۆتە ملکی ژیانی و دیمەنەکانی تا دوورتر بن لە منداڵیی مرۆڤەوە نزیکتر ئەبن و شیرینتر ئەبن[١٦] داهاتوو نەناسراو و نەزانراوە، زیاتر مرۆڤ لە نەمان نزیک ئەکاتەوە... ئەمەش یەکێکە لەو نهێنییانەی کە سروشتی مرۆڤ زیاتر پابەندی کۆن ئەکات...

لەم ڕووەوە لە هەردوو هۆنراوەکەدا، (ڕازی دەروون) و (پەندی ئاگر) کێشەی (کۆن/نوێ) ئەبێتە کرۆکی سەرەکییان و تەختی (کات) ئەبێتە بیلبیلەیەک کە سەرجەم ڕووداو و شوێن و ڕەگەز و کەسایەتی و وێنە و دیمەنەکان لە بینای ئەم بیلبیلەیەدا خۆیان ئەبیننەوە...

پیرەمێرد لەسەر ڕووباری سیروان (دوو ئاوانەکە...) ڕائەوەستێ،

ئیلیۆت لەسەر ڕووباری تایمز...

کات ئەکەوێتە جووڵە...

یەکەم جووڵەی (کزەی دەروون) – ئەگەر جووڵەی کرداری بانگکردن کە کردارێکی نادیارە بخەینە لاوە –، یەکەم جووڵە لە ئاوەوە دەست پێدەکات:

(دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە سەرەو خوار **ئەڕۆی** بەپێچ و دەورە)[١٧].

ڕووبار خۆی لە خۆیدا هێمای جووڵەی (کات)ە، کات لەم جووڵەیەدا بەردەوامە... جووڵاوە و تا ئێستاش لە جووڵەدایە (ئەڕۆی...) هەرچەندە لەسەر یەک وەتیرەی ڕاست نییە (بەپێچ و دەورە)یە و هەمە چەشن و جۆرە...

جووڵەی یەکەمی (پەندی ئاگر) لە دەرەوە (کەنار)ی ئاوەوە دەست پێدەکات:

| | |
|---|---|
| ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕماوە، دوا پەنجەی | The river's Tent is broken:<br>the last fingers of leaf |
| گەڵا گیر دەبێ و بەناخی زەوییە شێدارەکەدا دەچەقێ. | Clutch and sink into<br>the wet bank… (18) |

هەردوو جووڵە لای پیرەمێرد و ئیلیوت ئاراستەیان، سەر بەرەو خوارە، جووڵەی (دوو ئاوانەکە):

(سەرەو خوار ئەڕۆی...) جووڵەی (ڕما) لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، هەردوو جووڵە شوێنێک بەجێ ئەهێڵن و بۆ شوێنێکی کە ئەچن و ئەم دوو جووڵەیە واتایەکی نێگەتیڤ (سلبی) ئەبەخشن چونکە سەر بەرەو خوارن و بەرزایی بەجێ ئەهێڵن بەرەو نزمایی...





وێنەی بەرامبەر ڕۆیشتنی (سیروان) سەر بەرەو خوار کە بەشێوەکی ناڕاستەوخۆ واتای خێرایی ئەبەخشێت، لە لای ئیلیوت ڕاستەوخۆ ئەم خێراییە ئەبینرێ:

(ئەی تایمزی سازگار، هێواش برۆ، هەتا گۆرانییەکەم تەواو ئەکەم)

Sweet Thames, run softly till I end my song (19)

ئەم دوو جووڵەی (کات)ە ڕێخۆشکەرن بۆ ئاوڕدانەوە لە سەرەتای جووڵەکان لە کۆندا، ئەو ڕووداو و دیمانانەی ئەوسا هەبوون ئێستا نەماون. لێرەوە سەرنجی هەردوو شاعیر بەرەو ڕابردوو ئەکشێ و ئەیانەوێ دیمەنە کۆنەکان بجوونەوە، لەگەڵ ئەم گەڕانەوەیەدا لای پیرەمێرد جووڵەی کات وەرئەچەرخێ لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو، بۆ بەدیهێنانی ئەم وەرچەخاندنە دەستەواژەی (بۆچ پێم نانوێنی؟) ئەرکی تەواوی خۆی ئەبینێ، کە داواکە لە ئێستادایە و گێڕانەوەی شتێکی کۆنی دەوێ.

(بۆچ **پێم نانوێنی** وێنەی فۆتۆگراف

**وێنەی شیرینی نازدارانی** جاف)[٢٠]

لێرەدا کات وەرئەچەرخێ و ئەو وێنانەی کە دێن لە دوا ئەم دێڕەوە سەراپا وێنەی کۆنن ، و ئەوسا (بوون) و ئێستا نەماون:

(نموونەی دەستی پەروەردگار **بوون**
بەدەوری تۆدا گوڵی بەهار **بوون**
بەشەدەی لار و کراسی کەتان
وەک مانگ (کەتان)ی جەرگیان **ئەسوتان**
وەک مانگ بەشەوی تاریکی دەیجور
برجی ڕەشماڵیان **پڕ ئەکرد** لە نوور
... ... ...
ئەو لەش و لارە بەشلپەی مەلە
دڵی دڵداریان **ئەخستە** پەلە
ماڵە بەگزادە و سیرەی سەماوەر
ڕووی ئەو ڕووبارەی **وا ئەگرتە بەر**
دەنگی نەگیسا و بەزمی خوسرەوی
لای مەحمود پاشا **ئەکەوتە** نەوی
... ... ...

ئەمانە هەمووی خوا **دابووی** بەجاف
حکومدارێک **بوون** بێ لاف و گەزاف
لەم دواییەدا خۆ (ناهدە خان)
شا خانمێک بوو بەلاو دیوەخان
شوێنی دوو پاشای **پڕکردبووەوە**
گرەوی لە ڕۆحی چەرخ **بردبووەوە**)(٢١)

بەم پێیە وێنەکان دوانزە کرداری ڕابردوو ئەگرنە خۆیان، وشەی (بوون) زیاتر واتای ئەو گۆڕانکارییە چڕ ئەکاتەوە کە (کات) بەدی ئەهێنێ لە (بوون)ی کۆنەوە بۆ نەمانی ئێستا.

دوای ئەم دوانزە کردارە زەمەن ئەگەڕێتەوە بۆ ئێستا وەک دێڕی یەکەمی هۆنراوەکە.

بەڵام لای ئیلیوت – لەبەر جیاوازی تەکنیکی هۆنراوەکەی – ئەم شێوە ڕاستەوخۆیە لە وەرچەرخاندنی (کات)دا بەدی ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە سێبەری گەڕانەوەی ڕووداوەکاندا – کە هۆنراوەکەی ئیلیوت چیرۆک ئامێزە – ئەتوانرێت بەدی بکرێت لە هێمای ئەو وشە و زاراوە و بڕگانەی کە وەری گرتوون لە هۆنراوە و هونەرە ئەدەبییەکانی تر بۆ نموونە:

... پەریەکان کۆچیان کرد (...The nymphs are departed)(22)

ئاماژە بۆ (سروودی بووکێنی)ی دامۆند سپنسر (ساڵی ١٥٩٦)(٢٣) ئەکات کە ئەمەش جۆرێکە لە وەرچەرخاندن بەرەو دیمەنە کۆنەکان و ئەمە و چەند نموونەیەکی کەی وا دوو توێی هۆنراوەکەیان پڕ کردۆتەوە، بێگومان لەم وێنەیەشدا (پەریەکان) بەرامبەر (نازدارانی جاف) ئەوەستێت کە هەردووکیان چەقێکی گرنگی کەسایەتیەکانن کە لە تەوەری سێهەمدا زیاتر باسیان لێوە ئەکرێت...

## تەوەرەی دووهەم: کات و شوێن و ڕەگەزەکان

لە ململانێی ئەم دوو جەمسەرە (کۆن/ نوێ)دا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەبێتە توخمێکی زاڵ لە دیدەی هەردوو شاعیری شەیدای کۆن و ڕەسەنایەتیدا، کاتی ڕابردوو بەرەو پانتایی شوێن ئەکشێ، یا با بڵێین شوێن بەرەو خۆی ڕائەکێشێ و جووڵە و ڕووداوەکان بەبێ تەختی شوێن ئەنجام نادرێن، لەو ڕووەوە ڕووبار لە کاتێکدا کە خۆی لە خۆیدا هێمای زەمەن و جووڵەیەتی – وەک لەمەوبەر وترا – لە هەمان کاتدا بۆ خۆشی شوێنە





بەم پێیە ئەتوانرێ هەردوو قووڵایی (کات / شوێن) لە ڕووباردا کۆببێتەوە لە یەک کاتدا...

لای پیرەمێرد ڕووبار (دوو ئاوانەکە) لە ڕووی کاتەوە کە لە ئێستای هۆنراوەکەدا ماوە و بەردەوامە (سەرەوخوار **ئەڕۆی**) لە هەمان کاتدا پەیوەست ئەبێ بەشوێنێکی ڕابردوو (کۆن)ەوە کە (ماڵە گەورە)یە:

(دوو ئاوانەکەی **شوێن ماڵە گەورە**
سەرەوخوار ئەڕۆی بەپێچ و دەورە)(٢٤)

هەروەها بەرەو تەختی (ڕەشماڵ) ئەکشێ:

(وەک مانگ بەشەوی تاریکی دەیجور
برجی ڕەشماڵیان پڕ ئەکرد لە نوور)(٢٥)

وێنەی بەرامبەر ئەم وێنەیەی پیرەمێرد لای ئیلیوت ڕووبار هەر لە سەرەتاوە لکاوە بەشوێنەوە کە (ڕەشماڵ)ە وەک لای پیرەمێرد (هەرچەندە ڕەشماڵ لێرەدا ئاماژە بۆ دار و درەختی کەنار و ڕووبارەکە دەکات – وەک خوازەیەک–)

ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕما... The river's tent is broken (26)

هەردوو ڕەشماڵ لای پیرەمێرد و ئیلیوت ئێستا ون و فەوتاون: بەم پێیە بەتێکەڵاوی قووڵایی (کات/ شوێن) ڕووداوەکان چەند دیمەنێک دروست ئەکەن – بێ لەو کەسایەتییانەی کە لە تەوەرەی داهاتوودا بەدرێژی باسی لێوەئەکرێ – چەند ڕەگەزێک (العناصر) بەشداری ئەم وێنە و دیمەنانە ئەکەن کە لە نێوان کۆن و نوێدا ئەخولێنەوە و جێگۆڕکێ ئەکەن. بۆ ئەم مەبەستە یادی هەردوو شاعیر ڕۆڵێکی تەواو ئەبینێت بەزیندوو کردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە هۆگریان بوون لە کۆندا و ئێستا ڕەوتی کات کردوونی بەژێرەوە و لەبەر چاو ون بوون و فەوتاون...

ئەم دیمەنانە لای پیرمێرد ئەبینین:

- (... شەدەی لار و کراسی کەتان...
- (ماڵە بەگزادە و سیرەی سەمارەر...
- (دەنگی نەگیسا و بەزمی خوسرەوی...
- (ئاوازی سەقر و باز و باڵەبان...
- (حیلەی ماینی جنسی کەحیلان...)(٢٧)

ئێستا ئەم دیمەنانە نەماون، پیرەمێرد ئەیەوێت ڕەوتی کات پێچەوانە بێتەوە و بەرەو دوا (بۆ سەرچاوەکە) بگەڕێتەوە:

(توخوا ئاوەکەی بۆن گوڵاوەکە
بۆ سەرچاوەکە کەمێ لاوەکە
بڕوانم ئاخۆ جامی فۆتۆگراف
نیشانم نادات شێوەی ایلی جاف)(٢٨)

هەتا شاعیر دڵنیا ئەبێت ئەمانە هەموو بەسەرچوون و فەوتاون:

(نە ئەو دبدبە و سەر ئەو سەر ئاوە
ئێستە ئەفسانە و نەخشی سەر ئاوە)(٢٩)

بەرامبەر ئەم دیمەنانە لە لای ئێلیوت ئەبینین لەو ساتەوەی ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕماوە و پەریەکان کۆچیان لێ کردووە، سەر ڕووی ڕووبار گوڵ و گەڵا لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ(٣٠) ئەوسا ڕووبار پاکژ بوو:

(ڕووبار نە شوشەی بەتاڵ، نە کاغەزی سەندەویچ
The river bears no empty bottles, sandwich papers

نە دەسڕی ئاوریشم، نە پاکەتی مقەبا، نە قنگە جگەرە
silk hand kerchiefs, cardboard boxes, cigarett ends

یان پاشماوەی تری شەوانی هاوین ناهێنێ...
Or other testimony of summer nights… (31)

ئەمانە ئێستا ڕووی ڕووباریان پیس و ناشرین کردووە ئەوسا نەبوون...

لە جیاتی دیمەنە کۆنەکان کە ڕەسەنایەتی و پاکێتی و مرۆڤایەتییان لێ ئەتکا، ئێستا:

بەڵام لە گەردەلولێکی ساردا لە پشتمەوە
But at may back in coald blast I hear
The ratte of the bones, and chuchle spread from ear to ear.

خرمەی ئێسقان و قاقای پێکەنین لەم گوێوە بۆ ئەو گوێ نەبیەم

مشکێ بەئەسپایی لەناو گژوگیاکەوە هاتە دەرەوە و
(A rat crept softly sthrough the vegetation

بەپێستە چرچ و لۆچەکەی سکی، لەسەر کەنارەکە سکە خشێ ئەکات
Dragging its slimy belly on bank





White bodies dies naked on the low damp ground

چەند ئێسک و پرووسکێکی سپی فڕێ دراو لە هەورە بانە بچووکە وشکە نزمەکەدا
تەنها پێی مشک ساڵ بەساڵ خشەی لێوە ئەهێنان)(٣٢)
Ratted by the rat's foot only, year to year.

ئەمانە لای ئێلیوت بەرامبەر قەل و دڕک و داڵەکەی پیرەمێرد ئەوەستن، کە هەردوو وێنەکە ئاماژە بۆ وشک بوونەوە و مردن ئەکەن لە ئێستادا...

ئەو شوێن و ڕەگەزانەی کات کۆیان ئەکاتەوە لە بازنەی وێنە ئایینییەکاندا لای پیرەمێرد دیمەنە ئایینییەکان گۆڕاوەوە و شوێنی بەچەند کردەوەیەکی نابەجێ وەک (قومار) پڕ بۆتەوە:

لە شوێن سەر مەلا و الله اکبر
(کاری) کار ئەکا و (ستریت بەجۆکەر)(٣٣)

وێنەی کۆنی ئایینی بەرامبەر ئەو وێنەیەی پیرەمێرد ئەبینن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لای ئێلیوت:

(کڵێسەی (ماگنیس)ی شەهید
Of magnus Martyr hold

جوانیەکی بێهاوتایی سپی ئاڵتونی ئەیونی گرتبووە خۆ)
Inexplicable splendour of lonian white and gold

ئێستا لە جێگەی ئەم جوانیە ڕۆحییە:

(ڕووبارەکە
The river sweats

نەوت و قیری لێ ئەتکێ)(٣٤)
Oil and tar…

ئەو جیاوازییانەی بەدی ئەکرێن لە نێوان هەردوو هۆنراوەکەدا – وەک ئاماژە کرا بۆ جەنجاڵی هۆنراوەکەی ئێلیوت – شوێنەکان لای ئێلیوت زۆرن (تایمز، لیمان، جۆگەیەکی بۆگەن، ئۆتێلێکی شەقامی کانون، ستریۆل، ئاسمان، کورسی، ئۆتۆمۆبیل، ماڵ، پەنجەرە، تیبە، قادرمە، ژوور، ستراند، شەقامی ڤیکتۆریا، مەیخانە، شەقامی تایمزی خواروو، کڵێسەی ماکنس، ڕووبار، بەلەم، کەشتی، گرنج، دۆج، هایبری، ڕیجمۆند، کیو، مورگرێت، قرتاجنە...) لە چاو شوێنەکانی هۆنراوەی پیرەمێرددا، هەروەها دەربارەی ڕەگەزەکان.(٣٥)

## تەوەرەی سێهەم: کات و کەسایەتییەکان

ئەگەرچی کات خۆی ڕەگەزێکی جولاوە، بەڵام ئەوەی ئەم جوڵەیە ئەبینێ و ئەبێتە بکەری ڕووداوەکان، بەهاوبەشی کات لە دەقە ئەدەبییەکاندا، کەسایەتییەکانە - وەک لەمەوبەر ئاماژە کرا - بەتێکەڵ بوونی هەموو ئەم لایەنانە، وێنە و دیمانەکان دروست ئەبن، لەم ئاستەدا ئەو دیمەنە لێکچووانەی لە هەردوو دەقەکەدا ئەبینرێ:

یەکەم کەسایەتی کۆن لای پیرەمێرد (نازدارانی جاف)ە کە ڕەگەزی ئافرەتە:

(بۆچ پێم نانوێنی وێنەی فۆتۆغراف وێنەی شیرینی نازدارانی جاف)(٣٦)

بەرامبەر ئەم وێنەیە لای ئیلیوت وێنەی (پەریەکان)ە:

(پەریەکان کۆچیان کرد     The nymphs are departed...(٣٧)

ڕەگەزی ئەم وێنەیەش وەک لای پیرەمێرد ئافرەتە، خۆشەویست و جوانە... هەردوو (نازدارانی جاف/ پەریەکان) نەماون و کۆچیان کردووە...

پیرەمێرد بۆ نەمانیان حەسرەت هەڵئەکێشێ:

(ئای بۆ (پەری خان) نازداری جافان
ئاهۆی زەڕبا هۆی عەنبەر کڵاقان)(٣٨)

هەمان چەشن ئیلیوت بەدوای کۆچ کردنی پەریاندا ئەناڵێنێ و فرمێسکیان بۆ هەڵئەڕێژێ:

(کۆچیان کرد بێ ئەوەی ناونیشان بەجێ بهێڵن
Departed have left no addrsses
لەسەر کەناری (لیمان) دانیشتم و گریام)
By the waters of leman  I sat down and wept…) (39)

لەبەر ئەوەی ئەم کەسایەتیە هاوبەشە ڕەگەزێکی مێیینەیە بمانەوێ و نەمانەوێ مل ئەنێ بەرەو لایەنی (سێکسی)...

لە لای پیرەمێرد ئەم لایەنە پاک بووەوە، خۆشەویستی، یان پەیوەندی ژن و مێردایەتی بووەوە بەڕێگەیەکی پاک جێبەجێ کراوە لە ژێر پەردەی ڕەوشت و ئایندا:

(شەوی مانگەشەو ئاوایی خەوتن
لە دوای سرەوتن کاتی تێکەوتن
ئەو لەش و لارە بەشڵپەی مەلە
دڵی دڵداران ئەخستە پەلە)(٤٠)





بەرامبەر ئەم وێنەیە دەربارەی پەیوەندی نێر و مێ، ئیلیوت کاتێ باسی کۆچی پەریەکان ئەکات ئاماژە بۆ (گۆرانی بووکێنی) سپنسر ئەکات کە باس لە خۆشەویستییەکی پاک ئەکات، ئەمە لە کۆندا بووە و ئێستا تیاترۆخانەی (مسز پورتر)ی هاوچەرخ جێگەی ئەم پەیوەندییە پاکەی گرتۆتەوە:

«دەنگی دەهۆڵ و ئەو ماشێنانە نەبیەم
The sound of horns and motors, which shall bring
کە لە بەهاردا (سوینی) ئەگەیاندە (پورتر) خانم»
Sweeney to Mrs. porter in the spring) (41)

ئەم دیمەنانە لە تەک خشەخشی پێی ئەو مشکانەدا دێت کە بەسەر ئێسک و پروسکە فڕێ دراوەکاندا ئەڕۆن...

بەڵام لە ڕووی جێگرتنەوەی پەیوەندی دڵداری و ژن و مێردایەتی کە دوو ڕووی پاکن پیرەمێرد هیچ ئاماژەیەک بۆ پەیوەندی نابەجێ ناکات، تەنیا جێگری ئەم دیمەنە جوانانە لەسەر کەناری دوو ئاوانەکە، کردەوەی نابەجێی قومارە کە لەمەوبەر خراوەتە ڕوو...

ئەگەر بمانەوێت هەموو کەسایەتیەکانی هەردوو هۆنراوەکە دیاری بکەین، بەر لە هەموو شت کەسایەتیەکانی (ڕازی دەروون) لای پیرەمێرد، کەم و سادەن لە واقیع وەرگیراون...

بەڵام کەسایەتیەکانی (پەندی ئاگر)ی ئیلیوت زۆرتر و ئاڵۆزترن زۆربەیان کەسایەتی هونەرین لە شیعر و چیرۆک و دراماکانەوە وەرگیراون... (٤٢)، بێجگە لەوەی تەکنیکی پەندی ئاگر جیاوازە و چیرۆک ئامێزە، بێگومان تەکنیکی چیرۆک زۆر زیاتر پەیوەستی ڕووداوو کەسایەتییە لە چاو تەکنیکی لیریکدا...

ئەو کەسایەتیانەی لە ڕازی دەرووندا هەن بێجگە لە نازدارانی جاف - ئەگەر بەشێوەیەکی فراوانی لە قەڵەم بدەین، کە هەر مەبەستی کچە بەگزادەکان نەبێت؛ بەڵکو مەبەستی کچانی هەموو خێڵەکە بێت - زۆربەیان لە چینێکی ئۆرستقراتین و پاشا و شازادەن، «پەری خان، مەحمود پاشا، ناهیدە خان، دوو پاشا (مەحمود پاشا و وەسمان پاشا)» ئەمانە هەموو لە یەک خێزانن و ئەو خێزانەش پاشای خێڵی جافە...

بەڵام وەک ئاماژەمان کرد کەسایەتیەکانی (پەندی ئاگر) جەنجاڵن و هەموو چینەکان ئەگرنەوە - بێ لەوەی وتمان هەندێکیان هونەرین و لە شیعر و چیرۆک و دراما وەرگیراون (سوینی، مسز پورتر، نیریو، ئیگنیندر، تاپریسیاس، کیژێکی چاپکەر، لاوێکی دومەڵاوی، ماندۆلین، الیزابیس، لیستر) زۆربەی ئەم کەسایەتیانە پابەندی

(کات)ن دژایەتی (کۆن و نوێ) ئەگرنە خۆیان و کەسایەتیە کۆنەکان پاکن و جێ نشینەکانیان نابووت و نابەجێن، خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆش ئیلیوت بەراوردیان نەکات بەیەک ئەوا بەپێی تەکنیکی هێما، هێنانەوەی لایەکیان ئاماژەیە بۆ لایەکەی دژی[٤٣].

لە دوا وێنەدا – ئەگەر هەردوو شاعیر بەکەسایەتیەکی ناوەوەی هۆنراوەکان دابنێین وەک گێڕەرەوەیەک (الراوي) ئەبینین هەردوو شاعیر لە وێنەیەکی لێکچوودا ئەسووتێن...

پیرەمێرد لەگەڵ سووتانی کەسایەتیەکانی هۆنراوەکەیدا کە نازدارانی جافن، ئەسووتێ:

(لە تاوی جەوری چەرخی چەپگەردا ئەوان **ئەسوتێن منیش** لە هەردا)[٤٤]

هەمان شێوە (پەندی ئاگر) بەسووتانی گێڕەرەوە (الراوي) پێڵوی چاوی لێک ئەنێت:

پاشان هاتم بۆ قەرتاجنە To Carthage then I came

بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی
Burning burning burning burning burning(45)

ئەی پەروەردگار تۆی رزگارکەرم Olord Thou pluckest me out

سووتاوم burning

## ئەنجام

کۆکردنەوەی هەردوو هۆنراوە لە دوو تای بەراوردکاریدا هەڵقولاوی درامای (کات)ە لای هەردوو شاعیر، (کۆن/ ڕابردوو) ئەبێتە هێزێکی باڵادەست و ئێستا دائەپۆشێ و کاریگەری خۆی لەسەر ڕووی کەسایەتی و ڕەگەز و وێنە و دیمەنەکان بەجێ ئەهێڵێ[٤٦]، هەرچەندە لە چەند ڕوویەکەوە هەردوو هۆنراوەکە لە یەک جیاوازن، (کزەی دەروون) لیریکە و (وێرانە خاک) کە (پەندی ئاگر) بەشی سێهەمیەتی شەقڵی چیرۆک و وێنە کێشانی پێوە دیارە، بەڵام یەک هەڵوێست و دید کۆیان ئەکاتەوە کە بێزار بوونە لە ئێستا و هەناسە هەڵکێشانە بەدوا نەمانی ڕابردوو، و دیمەنە شیرینەکانیدا، لەم بارەیەوە ئەشێ جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری هەبوو بێت بۆ ئەم دیدە ڕەشبینە، چونکە مێژووی نووسینی (وێرانە خاک) ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٢)[٤٧]، هەروەها جەنگی جیهانی دووەم کاریگەری هەبوو بێت لەسەر دیدی





پیرەمێرد کە ڕازی دەروونی لە ساڵی (١٩٤٤)دا نووسیوە[٤٨]، بێجگە لەو خاڵانە و لەو وێنە شیعریانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا شی کراونەتەوە، کە ئەم دوو دەقە لە یەک نزیک ئەخەنەوە.

لە بارەی دەست پێکردن و کۆتایی هەردوو هۆنراوەکەوە پیرەمێرد بە(خود) دەست پێدەکات و بانگ لە دوو ئاوانەکە ئەکات و بەدەرەوە (الخارج/الموضوع) کۆتایی بەهۆنراوەکە ئەهێنێ (کوا سەر ئێڵ کۆچی لێ خوڕێ بۆ **کوێستان**) بەڵام ئیلیوت بەدەرەوە دەست پێئەکات (**ڕەشماڵی** ڕووبارەکە ڕما...) و بە(خود) کۆتایی پێ ئەهێنێ (... **سووتاوم**).

## پەراوێز

١- بڕوانە: نحو منهج عربي للادب المقارن: د. جميل نصيف التكريتي: ٨٤، آفاق عربية ع٢ سنة ١٩٨٥.

٢- بڕوانە: پیرەمێردی نەمر، نووسینی محمد ڕەسول (هاوار): ١٢ - ١٩

٣- بۆ ژیانی ئیلیوت بڕوانە: ت. س. اليوت: يوسف سامي اليوسف: ٩ - ١٧

٤- بڕوانە: وێرانە خاک: مەحمود زامدار.

٥- بڕوانە: ت. س. اليوت: يوسف سامي اليوسف: ١٠٣ - ١٠٩

٦- بڕوانە: ت. س. اليوت: الارض اليباب، د. عبدالواحد لؤلؤة: ٤٣ - ٤٩

٧- بڕوانە: ت. س. اليوت: يوسف سامي: ١٠، پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین بێجگە لە خوێندنی فەلسەفە لە زانکۆی (هارفرد) سێ ساڵ، بۆ ماوەی ساڵێک فەلسەفەی لە (سۆربۆن) خوێندووە و گوێی لە وانەکانی فەیلەسوفی بەناوبانگ (برجسون) گرتووە (بڕوانە هەمان سەرچاوە و لاپەڕە).

٨- ئیلیوت دەربارەی گرنگی بایەخدان بەئاین ئەڵێت: (ئەوەی حەز ئەکەم دانی لێ داگرم ئەوەیە کە ئەدەبی نوێ دنیا پەرستی پەرپووتی کردووە، کە قەت ناتوانێ تێبگات کە بایەخی میتافیزیک لەسەرو بایەخی فیزیکەوەیە، ئەم خاڵەش پێویستە یەکەم شت بێت لە بیرکردنەوەماندا...) (خمسة مداخل الى النقد الادبي: ويلبرس. سكوت ترجمة د. عناد غزوان وجعفر الخليلي:٥٧)

٩- بەگشتی بڕوانە: پەندەکانی پیرەمێرد: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، کاکەی فەلاح.

١٠- پیرەمێردی نەمر: ٢١

١١- بڕوانە: مدار الكلمة: امين البرت الريحاني: ١٧٩

١٢- بڕوانە: الحداثة ج١: مالكم برادبري و جيمس ماكفارلن: ترجمة مؤيد حسن فوزي: ١٥٩، هەروەها (اللغة والادب الحديث: جاكوب كورك ترجمة: ليون يوسف وعزيز عمانوئيل: ٢٣.

١٣- بڕوانە: پیرەمێردی نەمر: ٢٦، ٣١

١٤- بڕوانە: سەرجەمی هۆنراوەکە لە (پیرەمێردی نەمر)دا: ٨٧-٩١

١٥- بڕوانە: سەرجەمی هۆنراوەکە لە (پیرەمێردی نەمر)دا: ٢٧-٢٨

١٦- عباس محمود العقاد دەربارەی (کات) لە مێژووی بیری مرۆڤدا کە هێزێکی باڵا بووە و پەیوەست بووە بەخوداوەندەکانەوە ئەڵێت: (ئاگر پەرستەکان باوەڕیان وا بوو کە ئەهرومزدا و ئەهریمەن کوڕی خوداوەندێکی کۆنن کە ناوی (زۆران) بووە کە





درکەی (کات)ە (بەمانای کات دێت) «المجموعة الكاملة لمؤلفات الاستاذ عباس محمود العقاد (الفلسفة الاسلامية): ٩٧».

١٧- بڕوانە: حدس اللحظة فاستون باشلار: ترجمة رضا عزوز وعبدالعزيز زمزم: ٢٠

١٨- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤

١٩- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٢٠- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٢١- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤

٢٢- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤ - ١٢٥

٢٣- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٢٤- بڕوانە: ت س. اليوت: د. عبدالواحد لؤلؤة: ١١٨

٢٥- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤

٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٧- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٢٨- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤-١٢٥

٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٢- بڕوانە: ت س. اليوت: يوسف سامي اليوسف:١٢

٣٣- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٥- پیرەمێردی نەمر: ١٢٦

٣٦- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٣٧- لەبەر زۆری ئەم ڕەگەزانە لای ئیلیوت وە پابەند بوونی لێکۆڵینەوەکە بەچەند پەڕەیەکی دیاریکراوەوە بەپێی ڕاگەیاندنی پرۆگرامی میهرەجانی زانستی، نەمانویست درێژە بەم لایەنە بدەین.

٣٨- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤

٣٩- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٤٠- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤

٤١- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٤٢- پیرەمێردی نەمر: ١٢٤

٤٣- The complete poemes and plays of T. S Eliot, هەروەها وێنەی کیژە چاپکەرەکە و لاوە دومەڵاوییەکە لەم وێنەیە ئەچێ (لاوەکە هەوڵ ئەدات دەستبازی لەگەڵدا بکات کیژیش حەزی لێ نییە و بەرەنگاریشی ناکات کاتێ لاو ئەهەژێ، قەرار ئەدا و، بەهەڵپە هێرشی بۆ ئەبات...) هەمان سەرچاوە.

٤٤- بڕوانە: ت. س. الیوت: عبدالواحد لؤلؤة: ١١٩-١٣٢

٤٥- کۆی دێرەکانی ڕازی دەروون (٢١) دێرە و کۆی پەندی ئاگر (١٣٩) دێرە.

٤٦- بڕوانە: التجربة الخلاقة: بروفیسور. س. م. بورا . ت سلافة حجاوي: ١٩١ هەروەها بڕوانە: دراسات في النقد: الن تیب: ت. عبدالرحمن یاغي: ٦٤-٧٠

٤٧- پیرەمێردی نەمر: ١٢٦

٤٨- The complete poemes and plays of T. S Eliot,

٤٩- دەربارەی دەسەڵاتی ڕابردوو (باشلار) ئاماژە بۆ کاریگەری کۆن ئەکات و ئەڵێت: (ڕابردوو کاریگەری و شوێنەواری خۆی لەسەر تەن (المادة) بەجێ ئەهێنێ و سێبەری خۆی ئەکێشێ بەسەر (ئێستا)دا و کۆن ئەبێت بەزیندوویەکی هەمیشەیی لەلایەنی تەنەوە...) (حدس اللحظة: ١٦) هەروەها وا دەرئەکەوێت ئیلیوت ئەم بۆچوونەی لا پەسەندە و ئەویش بەهەمان شێوە ئەڵێت: (ئێستای بەئاگا ئەوەیە لە ڕابردوو تێگەیشتبێ) (صناعة الاداب...: و. أ. سکوت جیمس: ت. هاشم الهنداوی: ٣١٤).

٥٠- بۆ کاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر ئیلیوت لەم هۆنراوەیەدا بڕوانە: الکتابة لحظة وعي: محمد أبو شحیط: ١٢١

٥١- بڕوانە: پیرەمێردی نەمر: ١٢٣





## سەرچاوە


١- پەندەکانی پیرەمێرد: کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی کاکەی فەلاح. بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم: چاپخانەی کاکەی فەلاح: ١٩٨٢.

٢- پیرەمێردی نەمر: نووسینی محمد رسول (هاوار): چاپخانەی (العاني) بغداد ساڵی ١٩٧٠.

٣- التجربة الخلاقة: بروفیسور س. م بورا: ترجمة سلافة حجاوي، الجمهوریة العراقیة، وزارة الاعلام ١٩٧٧.

٤- ت. س. الیوت: یوسف سامي الیوسف: عمان، الاردن الطبعة الاولى: ١٩٨٦.

٥- ت. س. الیوت، الشاعر والقصیدة. د. عبدالواحد لؤلؤة المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت الطبعة الاولى ١٤٠٠هـ-١٩٨٠م.

٦- The complete poemes and plays of T. S Eliot faber and faber 24 Russell Square, London 1967.

٧- الحداثة: تحریر مالکم برادبري وجیمس ماکفارلن. ت. مؤید حسن فوزي، وزارة الثقافة والاعلام. بغداد ١٩٨٧.

٨- حدس اللحظة: فاستون باشلار: ت. رضا عزوز وعبدالعزیز زمزم، دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد ودار التونسیة للنشر، بلا.

٩- خمسة مداخل الى النقد الادبي: ویلبریس، سکوت: ت. د. عدنان غزوان وجعفر خلیلي دار الرشید للنشر: ١٩٨١.

١٠- دراسات في النقد: الن تبت: ت. د. عبدالرحمن یاغي، مکتبة المعارف، بیروت ١٩٦١.

١١- صناعة الادب: ر. أ. سلوت جیمس: ت. هاشم الهنداوي، دار الشؤون الثقافیة بغداد، بلا.

١٢- الکتابة لحظة وعي: محمد بو شحیط: المؤسسة الوطنیة لکتاب الجزائر: ١٩٨٤.

١٣- اللغة في الادب الحدیث، الحداثة والتجریب: جاکوب کورك: ت لیون یوسف وعمانوئیل عزیز دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩.

١٤- المجموعة الکاملة لمؤلفات الاستاذ عباس محمود العقاد. م ٩ (الفلسفة الاسلامیة، دار الکتاب اللبناني، بیروت ط١ سنة ١٩٧٨).

١٥- مدار الکلمة دراسات نقدیة: امین البرت الریحاني، دار الکتاب اللبناني، دار

الكتاب المصري ط١ ١٩٨٠.
١٦- نحو منهج عربي للادب المقارن: د. جميل نصيف التكريتي: آفاق عربية ع٢، ١٩٨٥.
١٧- ویرانە خاک: محمود زامدار: دیاری ژمارە (٤١)ی ڕۆشنبیری نوێیە لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی)یەوە دەرئەچێ: ١٩٧٥





## کزەی دەروون (دوو ئاوانەکە)

دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە
سەرەو خوار ئەڕۆی بەپێچ و دەورە
تۆ بەڕووناکی وێنەی بلووری
ئاوی زیندەگی گشت شارەزووری
ئەناڵم ئەڵێم تۆ وەک ئاوێنەی
بۆ شوێن دەستکردی کردگار وێنەی
بۆچ پێم نانوێنی وێنەی فۆتۆغراف
وێنەی شیرینی نازدارانی جاف
نمونەی دەستی پەروەردگار بوون
بەدەوری تۆدا گوڵی بەهار بوون
بەشەدەی لار و کراسی کەتان
وەک مانگ (کەتان)ی جەرگیان ئەسووتان
وەک مانگ بەشەدەی تاریکی دەیجوور
بورجی ڕەشماڵیان پڕ ئەکرد لە نوور
شەوی مانگە شەو ئاوایی خەوتن
لە دوای سرەوتن کاتی تێکەوتن
ئەو لەش و لارە بەشڵپەی مەلە
دڵی دڵداریان ئەخستە پەلە
ئای بۆ (پەری خان) نازداری جافان
ئاهوی زەڕ باهوی عەنبەر کڵافان
ماڵە بەگزادە و سیرەی سەماوەر
ڕووی ئەو ڕووبارەی وا ئەگرتە بەر
دەنگی نەکیسا و بەزمی خوسرەوی
لای محمود پاشا ئەکەوتە نەوی
ئاوازی سەقر و باز و باڵەبان

حیلەی مایینی جنسی کەحیلان
ئەمانە هەمووی خوا دابووی بەجاف
حکومدارێک بوون بێ لاف و گەزاف
لەم دواییەدا خۆ (ناهیدە خان)
شا خانمێک بوو بەلاو دیوەخان
شوێنی دوو (پاشا)ی پڕ کردبووەوە
گرەوی لە ڕۆحی چەرخ بردبووەوە
توخوا ئاوەکە بۆن گولاوەکە
بۆ سەرچاوەکە کەمێ لاوەکە
بڕوانم ئاخۆ جامی فۆتۆغراف
نیشانم نادات شێوەی أیلی جاف
نەء ئەو دەبدەبە و سەر ئەو سەر ئاوە
ایستە ئەفسانە و نەخشی سەر ئاوە
ئەم دڕک و داڵە ئەم قەل و داڵە
مانەوە لە شوێن ئەو گەورە ماڵە
نازداران بوونە ماسی دواوان
بەبۆمبای ڕاوکەر کەوتنە سەر ئاوان
لە تاوی جەوری چەرخی چەپگردا
ئەوان ئەسوتێن منیش لە هەردا
وێڵ و ئاوارەی ایلی مرادیم
نزیک لە مەرگم دوریش لە شادیم
بۆ بازی مراد هەر (قەیسەر قوومە)
بەختم شوومە و باز کەوتە وەیشوومە
من بۆ ایل ئەگریم مات و دڵ خەستە
رستی خیوەتی بەگزادە (ڕیستە)
لە شوێن سەر مەلا و الله اکبر





(کاری) کار ئەکا و (ستیرت بەجۆکەر)
ایستاکە ڕێی کۆچ گوشادە و ئاسان
کوا سەر ایل کۆچی لێ خوڕی بۆ کوێستان

## وێرانە خاک (پەندی ئاگر)

ڕەشماڵی ڕووبارەکە ڕماوە دوا پەنجەی گەڵا
گیر دەبێ و بەناخی زەوییە شێدارەکەدا دەچەقێ (با)
بەبێ دەنگی تێپەڕی بەسەر زەویە کەوەلەیەکەدا ،
پەریەکان کۆچیان کرد
ئەی تایمزی سازگار هێواش برۆ، هەتا گۆرانییەکەم
تەواو ئەکەم
ڕووبار نە شووشەی بەتاڵ نە کاغەزی سەندەویچ
نە دەسرِی ئاوریشم، نە پاکەتی مقەبا، نە قنگە
جگەرە
نە پاشماوەیەکی شەوانی هاوین ناهێنی... پەرییەکان کۆچیان کرد
هەروەها هاوڕێ جێ نشینەکان، جێ نشینانی
سەرمایەدارەکان
ڕۆیشتن بێ ئەوەی ناونیشان بەجێ بهێڵن
لەسەر کەناری (لیمان) دانیشتم و گریام
ئەی تایمزی سازگار، لەسەرخۆ برۆ، هەتا
گۆرانییەکەم تەواو ئەکەم
تایمزی سازگار لەسەرخۆبە، من دەنگ بەرز
ناکەمەوە و درێژەی پێ نادەم
هەرچەندە لە پشتمەوە، لە گەردەلولێکی ساردا
خرمەی ئێسقان و قاقای پێکەنین لەم گوێوە بۆ
ئەو گوێ ئەبیەم
مشکێ بەئاسپایی لەناو گژوگیاکەوە هاتە
دەرەوە
بەپێستە چرچ و لۆچەکەی سکی لەسەر
کەنارەکە سکە خشێ ئەکات





کاتێ لە جۆگە بۆگەنەکەدا ڕاوم ئەکرد
لە ئێوارەیەکی زستاندا لە پشتی کارگەی گازەکەوە
بیرم لە تێکشکانی کەشتێکەی برای پاشام
ئەکردەوە و لە مردنی باوکی پاشام پێش ئەو
چەند لەشێکی سپی ڕووت لەسەر زەویە نزمە شێدارەکە
چەند ئێسک و پروسکێکی فڕێدراو لە هەورەبانە
بچووکە وشکە نزمەکەدا
تەنها پێی مشک ساڵ بەساڵ خشەی لێوە ئەهینان
بەڵام سات نا ساتێ لە پشتمەوە
دەنگی هۆڕن و ئەو ماشینانە
کە لە بەهاردا (سوینی) ئەگەیاندە (پورتر) خانم
ئای تریفەی مانگ هەڵهات لەسەر (پورتر) خانم
و لەسەر کچەکەی
ئەوان قاچیان بەئاوی سۆدا ئەشۆن
ئای لە چریکەی منداڵەکان لە ژێر قوبەکەدا
تویت تویت تویت
چک چک چک
ئاوا، بەزۆرداری (تیریو)
فڕێندرا
شارێکی درۆینەیە
لەژێر تەمومژێکی نیوەڕۆیەکی زستاندا
(ئیگندز) ئاغا، ئەو بازرگانە ئەزمیرییە،
ڕیشنە، بەگیرفانی پڕ مێوژەوە
کرێ و تەئمینی بەلاش بۆ لەندەن، کۆمپیالەکە یەکسەر
دوا بینین حەقیان ئەدرێ
بەفەرەنسییەکی میللی، بانگی کردم

بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ لە ئوتێلی شەقامی (کانون)
پاشان بۆ ڕابواردنی پشووی هەفتە لە (میترپۆل)
کاتێ ئاسۆ سۆر هەڵئەگەڕێ، لەو کاتەی چاو ئەڕوانێ
بۆ ئاسمان و
پشت کورسی بەجێ ئەهێڵێ، و ماشینی مرۆڤ
بەبێ هودە وەک ئۆتۆمبیلی کرێ چاوەڕوان ئەکات
منی (تایرسیاس) لەگەڵ کوێریدا، ڕاڕام لە نێوان دوو
ژیاندا
پیاوێکی پیر بەدوو مەمکی فشەڵی ژنانەوە لەگەڵ
کوێریشدا ئەتوانم کاتێ ئاسۆ سور هەڵ ئەگەڕێ
خۆرئاوا ڕێ ئەبڕێ بەرەو ماڵەوە
کەشتیوان لە ماڵەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە
کیژە چاپکەرەکە بۆ چا خواردن ئەگەڕێتەوە بۆ
ماڵەوە
تا پاشماوەی نانخواردنی بەیانی پاکاتەوە و زۆپاکەی
داگیرسێنێ و خۆراکی قوتو بخوات
لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەیەوە بێ شەرمانە
جلە هەڵخراوەکانی ژێرەوەی خەریکە وشک ئەبێتەوە
لەگەڵ دوا تیشکی ڕۆژدا
لەسەر کورسیەکەی کە جێگەی نوستنی شەوێتی
گۆرەوی و پاپوج و کراس و سوخمەی مەمک کۆمەڵ
کراوە
منی (تایرسیاس) پیاوێکی پیری خاوەن دوو مەمکی
فشەڵ
ئەم دیمەنەم بینی و تەواوکەرەکەی تێگەیشتم منیش
هەستم بەمیوانی چاوەڕوان کراو کرد هاکا گەیشتە جێ،





ئەو لاوە دومەڵاوییەی کە نووسەرە لای خاوەن
ملکێکی بچکۆلە لە ڕوانیندا سڵ ناکاتەوە
بڕوا کردنی خەڵک پێی لەسەری نیشتۆتەوە
وەک شەپقەی سەر سەری ملیۆنێرێک
کاتێ هات وەک ئەو دای نابوو
نان خورا و، کیژەکە ماندوو و پەستە
لاوەکە هەوڵ ئەدات دەستبازی لەگەڵدا بکات
کیژیش حەزی لێ نییە و، بەرەنگاریش ناکات
کاتێ لاو ئەهەژێ، قەرار ئەدا و بەهەڵپە هێرشی بۆ
ئەبات
دەست ئەکوتێ، وە بەرهەڵستی نابینێ
ئەوەندە لە خۆ ڕازیە چاوەڕوانی وەڵامی بەرامبەر
ناکات
کەمتەرخەمی کیژەکە بەپێخۆشحاڵی ئەداتە قەڵەم
منی (تایرسیاس) لە پێشتر ئەمانەم زانی و بینی
کە لەسەر ئەم کورسییە یان ئەو جێیە ڕوو ئەدات
من ئەو کەسەم کە دانیشتم لە (تیبە) لە ژێر سێبەری
دیوارەکەیدا
ڕۆیشتم بەناو بێ نرخترین مردواندا
لاوەکە دوا ماچ ئەکات و
ڕێگەی چوونە دەرەوە ئەگرێتە بەر، ئەبینێ قادرمەکان
تاریکن
کیژ ئەگەڕێتەوە، تاوێک سەیری ئاوێنە ئەکات
هەروەکو ئەشزانێت خۆشەویستەکەی ڕۆیشتووە
مێشکی ڕێگە بەبیرێکی نیوە ناچل ئەدات کە گۆزەرکات
(باشە، ئێستا ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا، دڵخۆشم کە

تێپەڕێ)
کاتێ جوانێک ئەکەوێتە گەوجییەکەوە
دووبارە تەنیا دێت و دەچێت بەژوورەکەیدا، بەدەستێکی
ئامێری
قژی دائەهێنێ و
شریتێ ئەخاتە سەر تۆمارکەرەکە
(ئەم ئاوازانە لە دەورم بوون لەسەر ڕووبارەکە
بەدرێژای (ستراند) هەتا شەقامی (فکتوریا)
ئای شارەکە... شار!! جار جار
لە پاڵ مەیخانەیەکی شەقامی تایمزی خوارەوە
خەریکە گوێم لە نرکە نرکی (ماندۆلین)ی پڕ ئازار بێت
هەروەها لە تەقە تەق و قاوقیژێک لە ناوەوە
کە ڕاوکەرانی ماسی، بەنیوەڕوان تێیدا ڕائەکشان لەوێ
کە دیواری
کڵێسەی (ماگنس)ی شەهید
جوانییەکی وەسف نەکراوی سپی و ئاڵتونی ئەیۆنی
گرتبووە خۆ...
ڕووبارەکە نەوت و قیری
لێ ئەتکێ
بەلەمەکان ڕێز ئەبوون
لەگەڵ شەپۆلی گەڕاوەدا
چارۆکە سورە
پانەکان...
بەرامبەر با لەسەر کەشتییە قورسەکە ئەشنانەوە
کەشتیەکان بەڕێ بوون
کۆمەڵە داری ئاوبردو





ئەگەنە کەناری (گرینج)
پاش دورگەی (دۆچ)
ویلا لا... لا
ویلا لا... لا لا
(ئیلیزابیت) و (لیستر)
سەوڵەکان ئەخەنە تەقە تەق
سنگی بەلەمەکە سەدەفێکی
داپۆشراو بەسور و زەرکەفتییە
شەپۆڵ بەچالاکی
هەردوو کەنارەکە دێنێتە جۆش
بای باشووری ڕۆژئاوایی
لەگەڵ ڕەوەتی ئاودا
زرەی زەنگی بورجە سپییەکان دێنێت
ویلا لا... لا
ویلا لا... لا لا
شەمەندەفەر و دار و درەختە تەپ و تۆزاویەکان
(هایبری) هینامیە دی، و (ریچموند) و (کێو)
لەناویان بردم، بەرەو ریچموند ئەژنۆم هەڵناوە
بەپاڵ کەوتنەوە لەناو بەلەمێکی تەسکدا
پێم لە (مۆرگرێت)ە و دڵم
لە ژێر پێمدایە، پاش ڕووداو
ئەو گریا و پەیمانی (سەرەتایەکی نوێی)دا
من هیچ تانەیەک نادەم... چی پێویستە ڕەخنەی لێ
بگرم؟!
لەسەر لمی (مارگریت)
ئەتوانم چی ببەستمەوە

بەچییەوە ؟!!

نینۆکی شکاوی دەستە پیسەکان

خێڵەکەم خێڵێکی هەژارە و

چاوەڕانی هیچ ناکات

لا... لا

پاشان هاتم بۆ (قرتاجنە)

بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی، بەسووتاوی

ئەی پەرەرودگار تۆی ڕزگارکەرم

ئەی پەروەردگار تۆی ڕزگارکەر

سووتاوم...

And walked among the lowest of the dead.)
Bestows one final patronising kiss,
And gropes his way, finding the stairs unlit..

She turns and looks a moment in the glass,
Hardly aware of her departed lover;
Her brain allows one half-formed thought to pass:
'Well now that's done: an I'm glad it's over.'
When lovely woman stoops to folly and
paces about her room again, alone,
She smoothes her hail with automatic hand,
And puts a record on the gramophone.

'This music crept by me upon the waters'
And along the Strand, up Queen Victoria Street
O City city, I can sometimes hear
Beside a public bar in Lower Thames Street,
The pleasant whining of a mandoline
And a clatter and a chatter from within
Where fishmen lounge at noon: where the walls
Of Magnus Martyr hold
Inexplicable splendour of Ionian white and gold.

The river sweats
Oil and tar
The barges drift
With the turning tide
Red sails
Wide
To leeward, swing on the heavy spar
The barges wash
Drifting logs
Down Greenwich reach
Past the Isle of Dogs.
Weialala leia
Wailalala leialala
Elizabeth and Leicester
Beating oars
The stern was fromed
A gilded shell
Red and gold
The brisk swell
Rippled both shores





Southwest wind
Carried down stream
The peal of bells
White towers

Weialala leia
Wallala leialala

'Trams and dusty trees.
Highbury bore me. Richmond and Kew
Undid me. By Richmond I raised my knees
Supine on the floor of a narrow canoe.'

'My feet are at Moorgate, and my heart
Under my feet. After the event
He wept. He promised "a new start".
I made no comment. What should I resent?'

'On Margrate sands.
I can connect
Nothing with nothing.
The broken fingernails of dirty hands.
My people humble people who expect
Nothing.'
la la
To Carthage then I came.

Burning burning burning burning
O Lord Thou pluckest me out
O Lord Thou pluckest

burning

# THE WASTE LAND
## III. THE FIRE SERMON

The rivers tent is broken: the last fingers of leaf
Clucth and sink into the wet bank. the wind
Crosses the brown land unheard. The nymphs are departed.
Sweet Thames, run softly, till I end my song.
The river bears no empty bottles. sandwich papers,
Silk handkerechiefs, cardboard boxes, cigarette ends.
Or other testimony of summer nights. The nymphs are departed.
And their friends, the loitering heirs of city directors--
Departed, have left no addresses.
By the waters of Leman I sat down and wept…
Sweet Thames, run softly till I end my song,
Sweet Thames, run softly for I speak not loud or long.
But at my back in a cold blast I hear
The rattle of the bones. and chuckle spread from ear to ear.
A rat crept softly through the vegetation
Dragging its slimy belly on the bank
While I was fishing in the dull canal
On a winter evening round behind the gashouse
Musing upon the king my brother's wreck
And on the king my father's death before him
White bodies naked on the low damp ground
And bones cast in a litte low dry garret,
Rattled by the rat's foot only, year to year
But at my back from time to time to I hear.
The sound of horns and motors, which shall bring
Sweeney to Mrs. Porter in the spring
O the moon shone bright on Mrs. Porter
And on her daughter
They wash their feet in soda water
*Et O ces voix d'enfants. chantnt dans la coupole!*
*Twit twit twit*
*Jug jug jug jug jug jug*
*So rudely forc' d*





***Tereu***

Unreal City
Under the brown fog of a winter noon
Mr. Eugenides, the Smyrna merchant
Unshaven, with a pocket full of currants
C.i.f. London: documents at sight
Asked me in demotic French
To luncheon at the Cannon Street Hotel
Followed by a weekend at the Metropole.

At the violet hour, when the eyes and back
Turn upward from the desk, when the human engine waits.
Like a taxi throbbing waiting,
I Tiresias, though blind, throbbing between two lives,
Old man with wrinkled female breasts, can see
At the violet hour, the evening hour that strives
Homeward, and brings the sailor hom from sea
The typist home at teatime, clears her breakfast, lights
Her stove, and lays out food in tins.
Out of the window perilously spread
Her drying combinations touched by the sun's last rays,
On the divan are piled (at night her bed)
Stockings, slippers, camisoles, and stays.
I Tiresias, old man with wrinkled dugs
Periceived the scene, and foretold the rest--
I too awaited the expected guest.
He, the young man carbuncular, arrives,
A small house agent's clerk. with one bold stare,
One of the low on whom assurance sits
As a silk hat on a Bradford millionaire
The time is now propitious, as he guesses,
The meal is ended, she is bored and tired,
Endeavours to engage her in caresses
Which still are unreproved, if undesired
Flushed and decided, he assaults at once;
Exploring hands encounter no defence;
His vanitry requires no responce,
And makes a welcome of indifference.
(And I Tiresias have foresuffered all
Enacted on this same divan or bed;
I who have sat by Thebes below the wall

# ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 5

**خولگەی یەکەم:** دیالێکتیکی وردیلەیی و قەبەیی لە هۆنراوەی (جوانی بێ ناو)ی گۆڕاندا ..... 7

– دەروازە ..... 7

– تەوەرەی یەکەم: ڕستی ڕەنگ (کاڵ/ تۆخ) ..... 10

– تەوەرەی دووەم: ڕستی دەنگ (نزم/ بەرز) ..... 11

– تەوەرەی سێیەم: ڕستی چەندێتی (کەم/ زۆر) ..... 13

– تەوەرەی چوارەم: ڕستی ڕواڵەت و پایە (ساکار/ ڕازاوە و پایەدار ..... 14

– تەوەرەی پێنجەم: ڕستی کات و جووڵە ..... 16

– تەوەرەی شەشەم: ڕستی (وردیلە/ قەبە) ..... 19

– ئەنجام ..... 22

– پەراوێز ..... 25

– سەرچاوە ..... 27

– هاوپێچ (هۆنراوەی "جوانی بێ ناو") ..... 30

**خولگەی دووەم:** من و تۆ لە نێوان بوون و هەبووندا لە دیوانی (ڕۆژان ئەڕوا و تۆ هەر خۆشەویستی منی) فەرەیدون عەبدول بەرزنجی دا ..... 32

– پێشەکی ..... 32

– دەروازە و کەشی نووسین ..... 33

– من و تۆ و بوون/ هەبوون ..... 38

– گۆڕاو/ نەگۆڕ ..... 50

– جوولاو/ وەستاو ..... 53

– کات/ شوێن ..... 57

– ئەنجام ..... 63

– پەراوێز ..... 65

– سەرچاوە ..... 71





کلیلی خشتەکان: (١)، (٢)، (٣) ..... 73

خشتەی (١) بەکارهێنانی (من/ تۆ) ..... 74

خشتەی (٢) ڕستە داخوازییەکان ..... 75

خشتەی (٣) بەکارهێنانی شوێنەکان ..... 76

**خولگەی سێیەم:** بەراوردێک لە نێوان ئیلیۆت و پیرەمێرددا (پەندی ئاگر) – بەشی سێیەمی وێرانە خاک – و (کزەی دەروون) – لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکاری ..... 77

– پێشەکی ..... 77

– دەروازە ..... 78

– تەوەرەی یەکەم: کات و جووڵە ..... 80

– تەوەرەی دووهەم: کات و شوێن و ڕەگەزەکان ..... 83

– تەوەرەی سێهەم: کات و کەسایەتییەکان ..... 86

– ئەنجام ..... 89

– پەراوێز ..... 91

– سەرچاوە ..... 94

– هاوپێچ (هۆنراوەی "کزەی دەروون" – دوو ئاوانەکە) ..... 96

– هاوپێچ (پەندی ئاگر) لە وێرانە خاک ..... 110